مەهاباد قەرەداغی

# ئەڤین و ناسنامە

خۆشەویستی بەهرەیەکی زگماکە ، لەگەڵماندا لەدایک دەبێت، بەڵام گەشەسەندن و ئاراستەکردن و شێوەگرتنی لە بۆتەیەکی ئاسایی یان نائاساییدا پەیوەستە بە پەروەردە و بارودۆخ و مرۆڤبینی باو و کاریگەرییەکانی ژینگەوە. ژینگەیەکی ئایدیال بۆ "بەسروشتی" گەشەسەندنی خۆشەویستی کە ئەڤین بەشێک و دۆخێکە لە دۆخەکانی، ئەو خۆشەویستییەکە تیایدا مرۆڤ وەک بەرهەمێکی سروشتی لەبەرهەمەکانی ئەڤین دەبینرێت و، ئەڤینیش وەک بەهرەیەکی زگماک و دانسقە و سروشتی مرۆڤ چاوی لێدەکرێت و وەک پێویستییەکی دەروونیی بۆ گەشەسەندنی تاک و ناسنامەی تاک هەڵدەسنگێندرێت.
خۆشەویستی بە گشتی هەستکردنە بە پێویستی دەروونی مرۆ بە یەکتری لە پێناوی دڵنیابوون لە ناسنامەی خۆ لە ئاوێنەی دیدی ئەویتردا کە وەک ئەنجامێکی پەیوەندی تایبەتی و کۆمەڵایەتی، پەیوەندی فەرمی و نافەرمی، پەیوەندی نزیک مەودا و دوورمەودا، پەیوەندی تری هەمەجۆرەوە دێتە دەستەوە.

ئێمەی مرۆڤ بە ساوایی لە یەکەمین خەندەبەخشینەوە بە ڕووی گەورەکاندا و، بە تایبەتی بە ڕووی دایکماندا ویستوومانە هەستێک دەربڕین کە لەگەڵ خۆماندا هێناومانەو لەو پەیوەندییەدا کە دایک و دەوروبەری نزیک لەگەڵماندا دروستی دەکەن، وەڵامی ئەو سۆز و پەیوەندییە بدەینەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان، سادە و ڕەمەکییانە گوزارە لە بوونی خۆمان دەکەین وەک ئۆبجێکت "کارا"یەک کەتوانای وەرگرتن و بەخشینی خۆشەویستی هەیە ، ڕەفتار دەنوێنین.
بەهرەی وەرگرتن و بەخشینی خۆشەویستی لە زۆر سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤدا ساکارە و کەشی خێزان، پەیوەندی دایک و باوک و گەورەکان، ژیانبینی و مرۆڤبینی و جیهانبینی پەروەردەکاران، لە ئاراستەکردن و لە ئاڵۆزکردنیدا ڕۆڵ دەبینن.

وەکو دۆخێکی گشتی دەروونی خۆشەویستی بۆ بەڵگەدارکردن و سەلماندنی خودی خۆیەو لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون دا و لە پەیوەندی گشتیی و ڕووبەرییانەدا بە شێوەی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ وەدەست دەکەوێت. بەڵام لە ئەڤیندا و پەیوەست بە ناسنامەوە خۆشەویستی دەگاتە چڕترین و پڕترین و قووڵترین خاڵی خۆی.
ئەڤین، هەوڵێکی خۆڕسکانەی مرۆیە بۆ تێگەیشتن لە خود و خۆناسین و خۆناساندن لە ئەنجامی پڕکردنەوەی بۆشایی دەروونییەکانی و تەواوکردنی کەسایەتی خۆ لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ئەویدی و ناسین و ناساندنی ئەویدی. خۆبینینەوە لە بەرامبەردا دیاردەیەکی ئاساییەو دۆخی دەروونی مرۆ دەیسەپێنێت. ئەوی دی دەشێ مرۆڤێ، یان پرنسیپێک یان دیاردەیەکی تر بێت، بۆ نموونە عاشقی وڵات، عاشقی ئازادی، عاشق بوون بە ئایدیۆلۆژیایەک و..هتد.
ئەوەی کە من لێرەدا مەبەستمە باسی بکەم ئەڤینی نێوان دوو کەسە ، بە تایبەت تووخمی نێر و مێی مرۆڤ لەم باسەدا دەبێتە سەنتەر، بە تایبەتیتریش هەوڵێکە بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی دۆخی

کۆمەلایەتی و دەروونی ئەڤینداریی و ئەڤیندارانی کۆمەڵگەی کورد لە تەمەنی لاوێتیدا و، ئەوکەشە تایبەتییە بارگاویی بە سۆز و هەستەی کە گەنجی کوردی تێدایە لە تەمەنی "گەڕان بەدوای ناسنامە"دا.
لاویی "گەنجی" قۆناغێکە بۆ دۆزینەوەی "گەنج"ی کەسایەتی مرۆڤ. لەم قۆناغەدایە کە پێکهاتە فیزیکی و دەروونییەکانی مرۆڤ گەشە دەکەن و بەچڕترین شێوە کارایانە بەرەو نزیکبوونەوە لە جەوهەری خود و پێکهاتە ئاڵۆزەکانی و ئاراستەکردنی هەنگاو دەنێن. لەم قۆناغەدا و بەهۆی ئەم پەرەسەندنە فیزیکی و دەروونییانەوە گەنج پەرۆشی وەلامدانەوەی پرسیارە فەلسەفیەکانی بوون دەبێت و بە کردەوە دەیەوێت بە تایبەت بەرسڤی پرسیاری"من کێم؟" بداتەوە. خۆدۆزینەوە، هەستکردن بە تایبەتێتی خۆ و گرنگی و بایەخی خۆ بۆ ئەوی دی و لە ئەنجامدا بۆ خودی خۆ، کە هەموو ئەمانەش دەکرێ لە دەستەواژەی ناسنامەدا کۆبکەینەوە، دەبنە ئەرکە خۆڕسکەکانی گەنج و چاوەڕێی جێبەجێکردنییان لێ دەکرێت.

کچ و کوڕ لە سروشتدا و وەک پێکهاتەی فیزیکی و دەروونی بڕێک خاڵی هاوبەش و بڕێک خاڵی جیاوازییان هەیە. بۆ نموونە لە رووی فیزیکی و پێکهاتە بیۆلۆژییەکانەوە کچان و کوڕانیش دەردەری هۆرمۆنی پیاوانە و هۆرمۆنی ژنانەن کە بە ئەندرۆگین و ئەسترۆگین ناو دەبرێن کە یەکەمیان هۆرمۆنێکی پیاوانە و ئەویتریان هۆرمۆنێکی ژنانەیە و پەیوەندی هەیە بە جۆری رەفتاری سێکسی و سیفەتە زایەندییەکانی مرۆڤ. بەلام ڕادەو ڕێژەکەی جیاوازە و لە کوڕاندا ئەندرۆگین زۆر و ئەسترۆگین کەمتر دەردەدرێت، لە کچانیشدا بە پێچەوانەوە ئەسترۆگین زۆر و ئەندرۆگین کەمتر دەردەدرێت. بە هەمان شێوە سیفەتە دەروونییەکانی کە بە "ئەنیما" و "ئەنیمۆس" ناوزەد کراون و لە دەستەواژە دەروونناسییەکی"یونگ"ن، بەڵگەی هەبوونی سیفەتی هاوبەشی نێر و مێن لە یەکتریدا. ئەنیمۆس بریتییە لە هەبوونی سیفەتەکانی "کچ" لە کەسایەتی کوڕدا و، ئەنیما بریتییە لە هەبوونی سیفەتەکانی "کوڕ" لە کەسایەتی کچدا. ئەم هاوبەشییانە و بەکارهێنانی پۆزەتیڤیان دەکارێ ڕادەی لێکتێگەیشتنی نێر و مێ لە یەکتری ڕێکبخات.

بینینی عاشق و مەعشوق یان هەر ناو و ناوزەدێکی تر لە کەسانی گیرۆدی ئەڤین بۆ یەکتری ، هەر یەکەیان وەک کەسێکی هاوبەش و جیاواز ئاراستەیەکە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئەڤین و ناسنامە. مەبەستم لەم دەربڕینە ئەوەیە: گەنجێکی ئەڤیندار و ئالوودەی کەسێکی تر هەست بە هاوبەشییەکان و جیاوازییەکانی نێوان خۆی و ئەوی دی بکات، ئاسانتر دەتوانێت لە پەیوەندییەکەیدا خۆی وەک کەسێکی سەربەخۆ و ئەوی دیش وەک کەسێکی سەربەخۆ ببینێت و لە پەیوەندییەکی هاوتەریبدا کەسایەتی هەردووکیان گەشە بکات و یارمەتی گەشەسەندنی کەسایەتی یەکتری بدەن.

لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی و باوکسالاریدا کە ئایین وەک پێکهێنەری بەشێکی بەرفراوان و زیندووی کلتوورەکەی ڕۆڵ دەبینێت لە دروستکردنی نۆرم و نرخاندن و ڕێساکانی ژیانی کۆمەلایەتی، مرۆڤبینی جیاوازە و، مرۆڤ وەک کەرەستەیەک بۆ بەکارهێنان یان گیاندارێک بۆ دەستەمۆکردن دەبینرێت. لەو جۆرە کۆمەڵگە نائاساییانەدا بە چاویلکەی تابووەکان دیاردەکان دەبینرێن و مرۆڤ گیرۆدەی "هەستکردن بە گوناە" و "چاوەڕێکردنی پاداشت" و "تۆقین لە سزا" دەکرێت. دیاردەکان لەگۆشەنیگای گوناە و پاداشت و سزا ئاسمانییەکانەوە دەخوێندرێنەوە و

پێناسە دەکرێن. دیاردەی ئەڤین یەکێکە لەو دیاردانەی کە لە تێڕوانینی کلتووری باوکسالاریدا زەبری کوشندەی بەردەکەوێت و بەمەش زەبری کوشندە لە لاوان و ناسنامەیان دەدرێت.
لە ئەنجامی تابووکردنی ئەڤین دا بەربەستێک لە بەردەم خۆدۆزینەوە و خۆناسین و خۆئاراستەکردنی گەنج بە کوڕ و کچەوە دادەنرێت. چونکە لە پەیوەندی چڕی ئەڤیندارییدا کچ یان کوڕ دەتوانێت بە دۆزینەوە و ناسینی بەرامبەرەکەی هێڵەکانی کەسایەتی و ئارەزووەکانی و ئامانجەکانی خۆی بدۆزێتەوە و لەو ڕێگەیەوە خۆی ئاراستەبکات و ستیلێک بۆ ژیانی خۆی هەڵبژێرێت و لەوێوە ڕوونتر پرۆژە بۆ ژیانی خۆی دابڕێژێت و ئامانجی پرۆژەکانی ژیانیشی بەرەو ئەو ئاراستەیە بێت کە یارمەتیدەر بێت بۆ گەشەسەندنی کەسایەتی هەردووکیان.

بەڵام کاتێک بەربەست لە بەردەم ئەڤیندا دادەنرێت و کوڕ و کچی گەنج وەک دوو جەمسەری دژ و خەتەر پێناسەدەکرێن و لە گۆشەنیگای حەرام و حەلاڵەوە و بە پەروەردەکردنێکی نادروست بە هەستی گوناە گەمارۆ دەدرێن، ئیدی ئەڤین ڕەوتێکی نائاسایی وەردەگرێت و لە پەیوەندی بە ناسنامەشدا ڕۆڵێکی نێگەتیڤ و ڕووخێنەر دەبینێت. ئەم پەروەردە و پێناسانە لە قۆناغی گەنجێتیدا بە تایبەت کە تەمەنی دروستبوونی ناسنامەیە ،کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر گەشەسەندنی سروشتیی مرۆڤ لە هەردوو دۆخی فیزیکی و دەروونییدا دەبێت. لە ڕووی فیزیکییەوە بەهۆی ئەو گەمارۆیانە و ئەو چاویلکەگوناهئامێزەی کە دراوە بە لاو، لە ئاشنابوون بە جەستەی خۆیدا گیروگرفتی بۆ دروست دەبێت. تێڕوانینێکی سروشتی بۆ جەستە پێویستە زانستی بێت و لە زانیارییەکان و دۆزینەوەکانی زانستی بیۆلۆژیاوە سەرچاوەی گرتبێت، تێڕوانینێکی سروشتیش بۆ ئەڤین و پەیوەندیی کوڕ و کچ، پێویستە لە سەرچاوەکانی زانستی دەروونناسی و زانستە مرۆییەکانی ترەوە هاتبێتە ئاراوە. بەڵام لە کۆمەڵگەی نەریتی و باوکسارییدا و لە کلتووری بەئایین چوارچێوەگیراودا جەستەی مرۆڤ بە پێناسە دڕدۆنگەکانی غەیبەوە دەبەسترێتەوە و، هەر لە سەرەتاکانی منداڵییەوە کوڕ و کچ بە شێوەیەک جەستەی خۆیان پێ دەناسێندرێت کە غەیب و سزا و پاداشتەکانی ئاسمان ئاراستەیان بکات.
لاو و ناسنامەکەی لەم پەیوەندییەدا دەبنە قوربانی ئەو پێناسە دڕدۆنگانەی کلتووری غەیبئامێز و هەرگیز وەک ئەوەی کە دەشێ و پێویستە ئاشنای جەستەی خۆیان و جەستەی ئەویدی نابن. بەڵکە بەهەمان چاویلکەی بۆدروستکراوی کلتووری باوکسالاری ڕووبەرییانە دەڕواننە جەستەی خۆیان و یەکتری و ئەڤین و ناسنامەی یەکتری لە ئەڤیندا.
لە زمان دا وشەگەلی عەشق، دڵداری، ئەڤینداری و هاوشێوەکانی کە دەبێت چڕکراوەی پێناسەی هەستی قووڵ و تایبەتی و بنیاتنەری مرۆڤ بن، وەک وشەگەلی قەدەغە و پەردەدار و نهێنی و پێناسەی خەتەر و ڕووخان و فەوتان نیشان دەدرێن. بەرجەستەبوونی ئەم جۆرە پێناسە خەتەرە بۆ وشەگەلی بە سۆزی ئەڤینەوە گرێدراو لە زماندا، گوزارەی بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئەو کۆمەڵگەیەیە بۆ ئەڤین. سیستەمی بیرکردنەوەی گەمارۆدراو بە بەها دڕدۆنگەکانی غەیب و میتافیزیکەوە، زمانیش وا ئاراستە دەکات کە دیاردەکان لەودیوی سروشتەوە ببینێت و پێناسەیەکی یۆتۆپیاییان بکات.

لە پەیوەندی بە ئەڤیندا، لە کلتووری غەیبئامێزدا جەستەی کچ ماتریالێکە سیفەتی موگناتیسائاسا ڕاکێشەری هەیە و ئامرازێکی کاریگەرەبۆ وروژاندن و هاندانیئە نجامدانی گوناهی گەورە. واتە جەستەی کچ لە پرۆسەی گوناهکردندا کارا و کاریگەرە. جەستەی کوڕیش ئەو ماتریاڵ و ئامرازەیە کە لە پرۆسەی گوناهکردندا ڕاکێشراو و

کارتێکراوە. سیفەتەکانی جەستەی کوڕ بە چاویلەکەی کلتووری غەیب لە پرۆسەی گوناهکردندا سەرەتادا پاسیڤ و کارتێکراوە و لە کۆتاییدا ئەکتیڤ و کاریگەرە. لەم پێناسانەوە بۆ جەستەی ئەم دوو مرۆڤە، گەمارۆکانیش شێوەیان دەدرێتێ و هەر یەک لەمان بە جۆرێکی جیا بە دڕکەزی و بەربەستی داب و نەیت و قەدەغە دەوریان دەگیرێت.

بۆ ئەوەی بایەخی جەستەی ژن کەمبکرێتەوە و هاوکات گرێ بدرێت بە پیاوەوە، لە کۆمەڵگەی نەریتیدا جەستەی ژن دەکرێتە یەخچاڵ و هەڵگری شەرەفی پیاو، پیاویش دەکرێتە چاودێر بەسەریەوە. لەم دۆخەدا کوڕ یان پیاو دوو ڕۆڵی دژ بە یەکی پێ سپێردراوە و بەسەردا سەپاوە، لە ڕۆڵی یەکەمیاندا ئالوودە و عاشقی کچ"ژن"ێکە کە لە بنەماڵەی خۆی نییە و هێزێکی ڕاکێشەری بارگاوی بە سۆز و حەزی عاشقانە بەرەو ئەوی ڕادەکێشێ. لە ڕۆڵی دووەمیاندا چاودێرێکە بەسەر کچ و ژنی بنەماڵەوە تا بەربەست لەڕێگەی پەیوەندی و نزیکبوونەوەی بە کوڕ و پیاوانی بێگانە یان دەرەوەی بنەماڵە نەکەن. ئەم دوو ڕۆڵە دژ بە یەکە پێکهاتەیەکیئاڵۆز و سیفەتی دژ بەیەکیش لەکەسایەتی ئەو لاوەدا دروست دەکات. ڕۆڵی کۆنترۆڵکردنی کچ لە بنەماڵەی خۆ و پێدزکێ و هەوڵدان بۆ بەزاندنی سنووری کۆنترۆڵێکی تر بۆ پەیوەندیکردن بە کچ لە بنەماڵەیەکی تر، دەبێتە خەوشێکی زەق لە کەسایەتی لاوانی کورددا. بە هەمان شێوە بۆ کچانی لاو جووتێ ڕۆڵی هاودژ سەپێنراوە، لە ڕۆڵی یەکەمیاندا سروشتییە و کارا هەوڵی دۆزینەوەی ناسنامەی خۆی دەدات لە پەیوەندییەکی ئەڤینداریدا، لە ڕۆڵەکەی تریاندا ساختەبازە و ئەو دەمامکە دەپۆشێ کە نێرەکانی بنەماڵە بۆیان ساز کردووە.
هەمیشە قەدەغەکراوەکان سەرنجڕاکێشترینن و سروشتی مرۆڤ وایە کە حەز بە تاقیکردنەوە و بەئەزموونکردنی دیاردە قەدەغەکان دەدات، بۆیە لەو کۆمەڵگانەی کە ئەڤین لە تابووەکانەو، تابووکردنیشی بەهۆی سێکسەوەیە، ئیدی ئەڤینیش تەنها وەک ئامرازێک بۆ دابینکردنی غەریزەکان بەکاردەبرێت نەک وەک پەیوەندییەکی یاریدەدەر و سەلمێنەری ناسنامە.

...

2004/04/03

ستۆکهۆڵم